# وەرزش دەتوانێت جێگەی نەشتەرگەری دڵ بگرێتەوە

ئەنجامی توێژینەوەیەکی ئەڵمانی مەڵبەندی دڵ ی سەر بە زانکۆی لایبزیج کە لە کۆنگرەی نەخۆشییەکانی دڵ لە ستۆکهۆڵم پێشکەشکرا ئاماژەی پێدەکات کەئەو نەخۆشانەی سنگە کوژێ ی نەگۆڕیان هەیە و دەبێتەوە هۆی ئازاری سنگ (قورسایی سەرسنگ) بەشداری پرۆگرامێکی وەرزشی بوون و ڕێکوپێك رۆژانە 20 خولەك پاسکیل سوارییان کردووە .
توێژیاران بۆیان روون بۆتەوە کە ئازاری نەخۆشەکان هەمان کەمبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە وەك ئەو نەخۆشانەی کە نەشتەرگەری باڵۆن فراوانبوونی خوێنبەری تاجی یان بۆ کراوە .
لە 88٪ ی ئەو نەخۆشانەی کە بەشداری پرۆگرامەکە بوون ئازارەکانیان کەم بۆتەوە وەلێ ئەوانەی کە نەشتەرگەری باڵۆن فراوانبوونی خوێنبەرێکیان بۆ کراوە بە رێژەی لە 70٪ ئازارەکانیان کەم بۆتەوە .
توێژیاران پێیان وایە وەرزش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دووبارەبوونەوەی گیروگرفتە گەورەکانی دڵ و درێژبوونەوەی ژیان .
بە پێی توێژیاران ئەو میکانیسمەی لە پشتی سەرکەوتنی ئەم پرۆگرامە وەرزشییەوەیە دەبێتە هۆی گۆرانکاری و نوێ بوونەوەی بۆریەکانی خوێن .
توێژیاران دەبێژن کە وەرزش تەنیا بۆ لەشساخ بەسوود نییە تا خۆی لە نەخۆشی بپارێزێت وەلێ زۆر بە سوودیشە بۆ ئەو کەسانەی کە نیشانەداری نەخۆشییەکن .

سەرچاوە

1. www.dagensmedicin.se 050906 ©